# یاسامەندی و ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن

**سالار بابەشێخ**



ئەگەر سەرپێیی لەوشتانە نەڕوانین کە بەردەوام دژی یەکترینن، دەبینین بنەڕەتی کائینات لە سەر تەزاد و دژبەرەکان پێکهاتووەو لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم تەواوکەری یەکتر بوونە و تەنانەت هەر کام لە دژەکانیش دوو روویان هەبووە.

ئەگەر شەو نەبوایە ئاخۆ رۆژ چ مانایەکی هەبوو؟ ئەگەر تاڵ نەبایە، ئاخۆ شیرین مانایەکی دەبەخشی؟ لەم سۆنگەوە دەتوانین دان بەو راستییەدا بنین کە لە رەوتی بەڕێوەبردنی ولاّت و تەنانەت لە پێکهاتەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و حزبی و ...هتد، پێویستە پلۆرالیسم و هەمەڕەنگی و رای جیاواز بە شێوەیەکی کارا رۆڵی خۆی ببینێت، هەتا پێکەوە ژیانێکی پڕ لە کامەرانی و بەختەوەری بۆ مرۆڤی سەر گڵتۆپی خاك، مسۆگەر بکات.

بە پێی ئەزموونەکان بوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەر قۆناغ و هەر سەردەمێکدا پێویستە، چونکە سیاسەتی یەك قوتبی، سەر لە دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندنی ئایینی و سیاسی، دەردێنیّ و ئەمەش هەزاران ساڵە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، قوربانی وەر دەگریّ و بەم بۆنەوە مافەکان پێشێل دەکرێن و مرۆڤ لە لایەن هاونەعی خۆیەوە دەچەوسێتەوە، هەر لەو سیستەمە زۆرەملییانەدا، تاك وەبەر تیخی دەسەلاّت کەوتووە و تەنانەت کۆمەڵکوژیش کراوە.

ئەگەرچی تەکنۆلۆژی و بایۆلۆژی و لۆژیکەکانی دیکە خزمەتێکی زۆریان بە مرۆڤ کردووە بەلاّم لە روویەکی دیکەیەوە وایانکردووە، تاقمێکی چەند کەسی بتوانن شارێك وێران و هەزاران ماڵ رەشپۆش و کۆست کەوتوو بکەن، بەلاّم ئایا ئەوانە ئۆپۆزسیۆنن؟

ئۆپۆزسیۆن یان تاقمی ناڕازی لە دەسەلاّت، بە چ ئاقارێکدا تێدەپەڕێت؟ چ پێوەر و پێوانەیەك بۆ نرخ و بەهاکانی مرۆڤایەتی دەستنیشان کراوە؟ دەربڕینی ناڕەزایەتی و نافەرمانی مەدەنی و سنووری رووبەڕووبوونەوەکان چۆن دەستنیشان دەکرێن؟ ئازادی چییە و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی چۆن تەعبیر دەکرێن؟ هەلومەرجی عەینی و رامانە زەینییەکان چۆن بەراوردی هاوکێشە سیاسیەکان دەکەن؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە دەچنە خانەی هەڵسەنگاندنێکی ورد و بابەتییانە، هەتا بە شیکارییەکی دروست و زانستی و ئینسانی، بیسەلمێنن کە بوونی ئۆپۆزسیۆن پێویستە، بەلاّم کام ئۆپۆزسیۆن؟

بێگومان خودی زاراوەی ئۆپۆزسیۆن بە کاکڵ و ناوەرۆکیەوە، وەکو زۆربەی چەمکە سیاسیەکانی دیکە، پێناسەیەکی شەفافی نییە، چونکە سەربڕەکانیش خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، تیرۆریسم هەڕەشە لە مرۆڤی سەرلەبەری دونیا دەکات و خۆی بە ئۆپۆزسیۆن دەزانێت، ئەمە رووی دزێوی

ئۆپۆزسیۆنە، چۆن زەلامێك بە سەرخۆشی نەعرەدە دەكێشیٚ و خەڵكی گەڕەكێك هەراسان دەكات و ناوی دەنێت ئازادی و ئازاد بوون، ئەوهاش ئۆپۆزسیۆن هەیە كە بە پاساوی دینی و هەڵخڵەتاندنی خەڵكی كاڵفام، رەشەكوژی دەكات و ناوی دەنێت بەرگری و ناڕەزایەتی!!

كاتێك دیموكراسی بۆ هەندێك باشە و بۆ هەندێك نابێت هەبێت، ناسیۆنالیزم بۆ نەتەوەیەك رەوایە و بۆ نەتەوەیەكی دیكە قەدەغەیە، ئەم جیاوازی و جیاكارییانە هۆی سەرەكی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤن و لە هەر شوێنێكدا پێشێلكاری ماف هەبێت ئۆپۆزسیۆن سەرهەڵدەدات. بەخۆشییەوە ئەوانەی دژی ئۆپۆزسیۆنن، تەنها زاراوەیەك كە نەیانتوانیوە بیكەن بە موڵكی خۆیان، زاراوەی ئۆپۆزسیۆنە، چونكە ناڕازی بوون بە درێژایی مێژوو هەبووە و هەر دەشمێنێت.

ئۆپۆزسیۆن بەشێكی جیانەكراوەی مێژووە، بەڵام ناوەرۆكی ئۆپۆزسیۆن چییە؟ ئەرك و مافەكانی ئۆپۆزسیۆن چن؟ ئەم زاراوەیە بخرێتە سەر كام قەپان و چۆن كێشانە بكرێت؟ چۆن لە پێناسەكردنی چەوت و چەوێل پاك بكرێتەوە؟ چون بەرەو بونیاتنان بكەوێتە سەر هەنگاوی خێرا، چۆن لە تەقاندنەوە و تۆقاندن دوور بخرێتەوە، ئەوە هەویرێكە و ئاوی زۆر هەڵدەگریٚ.

بێگومان گەلیٚ پسپۆری زاناو دڵسۆز و خاوەن زەمیر پێویستە رۆژ و شەوی خۆیان سەر یەك بخەن، هەتا چوارچێوەیەك بۆ هەموو دەستەواژەیەكی سیاسی دیاری بكەن كە چیدی (تەفسیر) و (تەعبیر) و (تەحلیل) و ( تەشریح) و .... هتد نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەستتێوەردانی بكات، بێگومان ئەوە بارێكی قورسە و مەودایەكی دوور و درێژیشی لەبەرە، چونكە هەتا یاساسەروەری و یاسامەندی، كاری بۆ نەكرێت ونەچەسپێت و هەموو پێوەروپێوانەكانی ئەو یاسایانەش، ئینسانی نەبن، دونیا هەر لە گێژاوی بەرامبەركیٚ و توندوتیژی و ماڵوێرانیدا، دەسووڕێتەوە، بۆیە پێمولیە پێش ئەوەی بیر لەوە بكەینەوە كە ئۆپۆزسیۆن بەهێز بكەین، پێویستە خۆمان لە هەڵدێری بیٚ یاسایی رزگار بكەین و لە چوار چێوەی یاساكاندا خۆمان بدۆزینەوە. ئەمەش بەو مانایە نییە كە خۆمان كەڕ و كوێر و كپ و بێدەنگ بكەین، بەڵكو بە پێچەوانەوە پێویستە تەنانەت هەنگاوێك لە دەنگ هەڵبڕین پاشەكشە نەكەین و لە پێناوی دەستەبەر كردنی مافەكانی نەتەوەیی و یاساسەروەری و دادی كۆمەڵایەتی، بێوچان و پشوو درێژ لە خەبات و تێكۆشاندا بین.